# خۆپیشاندەران لەسەر یاسایی کردن و جێگیرکردنی ئازادی بیرورا دەربڕین ومافی مانگرتن و خۆپیشاندان لە کوردستاندا پێداگری دەکەن

## خۆپیشاندانی بەردەم ئۆفیسی یەکێتی لە لەندەن

ئەمڕۆ کۆمەڵێك لە هەڵسووڕاوانی حزب و ڕێکخراوی کرێکاری وپەنابەری لەبەردەم ئۆفیسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەبەردەم بارەگای یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە لەندەن کۆبوونەوە بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەو ڕووداوە خۆیناویەی ڕۆژی 27-7-2006 لە بەرامبەر بە کرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە ئەنجام درا.

خۆپیشاندەران بە دروشمی (بەیاسایی کردنی ئازادی خۆپشاندان ومانگرتن بۆ کریکاران لە کوردستان، تەقەکردن لەکرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە تاوانە، پێشێلی ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندانە، تاوان باران دەبێ داگایی بکرێن) و هەروەها شیعاری (ئازادی ئازادی بۆ هەڵسورانی سیاسی ..یەکێتی یەکێتی دەست لەسەرکوت هەڵگرن لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە بە کوردی و ئینگلیزی دەووترایەوە ...




پاشان وەفدێکی نوێنەرانی خۆپیشاندەران کە پێك هاتبوو لە (دەشتی جەمال، جەمال محسن، پرشنگ ئەحمەد) چاویان کەوت بە بەڕێزان (هاوار حاجی، ریبوار) نوێنەری یەکێتی لەبریتانیا، وەفدی ناوبراو بێجگە لەگەیاندنی ناڕەزایەتی دژ بەکردەوەی 27-7 بەرامبەر بەکرێکاران، جەختیان کردەوە لەسەر جێ بەجێ کردنی تەواوی داواکاریەکانی کرێکاری کارگەی چیمەنتۆی تاسلوجە کە پێك هاتبوو لە (زیاد کردنی موچەی کریکاران کە بە بری 250 دولار داواکراوە، سەرفکردنی حەوافزەکانی کرێکاران، دەرنەکردنی کرێکاران لەسەر کار ، یەکێتی نیشتمانی دەستبەجێ لێکۆڵینەوە لەو تاوانە بکات کە بەرامبەر بەکرێکارانی کارگەی چیمەنتۆی تاسلۆجە ئەنجام دراوە و تاوان باران، ئەوانەی تەقەیان لە خۆپیشاندەران کردووە بدرێنە دادگای ئاشکرا، ڕێوشوێنی تەندروستی گونجاو بۆ بریندارەکان بگیرێتە بەر و قەرەبوو بکرێنەوە) بەتایبەتی بەیاسایی کردنی ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندان و بیروڕا دەربرین لەکوردستاندا و یاداشت نامەیەکیان بۆ بەڕێز جەلال تاڵەبانی کە خواستەکانی کرێکارانی تیا هاتووە تەسلیم بە نوێنەرانی یەکێتی نیشتمانی کرد .

وەفدی یەکێتی ڕایان گەیاند کە بەشێك لەخواستەکانی کریکاران ئەنجام دراوە لە (سەرفکردنی حوافزەکان، قەروبووی بریندارەکان، ودادگای تاوان باران ) لەبەرامبەردا وەفدی خۆپیشادەران سەرباری بە پۆزەتیڤ نیشان دانی جێ بەجێکردنی ئەو داواکاریانە پێداگریان کردەوە لەسەر بەیاسای کردن و جیگیرکردنی ئازادی بیرورا دەربرین وماڤ مانگرتن وخۆپیشاندان لە کوردستاندا.

پاشان وەفدی خۆپیشادەران هەواڵی دانیشتنەکەیان بۆ خۆپشاندەران گێڕایەوە، و کۆتایی بە خۆپشاپشاندانەکە هات.

شایەنی باسە ژمارەیەك لە یەکێتی کرێکاری و لایەنی چەپ پەیامی پشتیوانی خۆیان بۆ خۆپیشاندانە گەیاندبوو.

**تۆڕی نوێنەرایەتی فیدراسیۆنی شورا و یەکێتیە کرێکاریەکانی عێراق\بریتانیا**

**فیدراسیۆنی سەرتاسەری پەنابەرانی عێراقی**

**ڕێکخراوی** No Sweat

**کەمپینی هاوپشتی لەگەڵ کرێکارانی عێراق**

**کۆنگرەی ئازادی عێراق \ نوێنەرایەتی بەریتانیا**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق \ ڕێکخراوی بەریتانیا**

01.08.2006